# یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٤٨**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٣/١٢/٢٢**

## «بڕیار»

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی(١) لەمادده(٥٦)ی یاسای ژماره(١)ی ساڵی١٩٩٢و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەدانیشتنی رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٠ی دا بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا.

## یاسای ژماره «١٩»ی ساڵی ١٩٩٣
## یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژماره «٢»ی ساڵی ١٩٩٢دەستەیەک دادەمەزرێ، پێی دەگوترێ (دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق)و، ئەم دەسەلات و ئەرکانەی کە لەیاسای ناوبراوی سەرەوەدا هاتوون جێبەجێ دەکات تاکو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاری خوازیی کوردی تەواو دەبێت.

**ماددەی دووەم:**

دەستەی ناوبراو لەماددەی یەکەمی ئەم یاسایە، لەو دوو پاڵێوراوانە پێک دێت کە زۆرترین دەنگی دەنگدەرانیان لەو هەڵبژاردنەی کە بەپێی یاسای ژماره«٢»ی ساڵی ١٩٩٢ لەرۆژی ١٩٩٢/٥/١٩دا کراوە، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق و دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەریەک لەو دوو حزبەی کە دوو پاڵێوراوەکە تێی دان.

**ماددەی سێیەم:**

بڕیارەکانی دەستە بەتێکڕای دەنگ وەردەگیرێن و بەنیمزای ئەو دوو پاڵێوراوە دەردەچن، کە لەماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون و، لەکاتێک دا کە یەکێک لەو دوو پاڵێوراوانە لە دەرەوەی هەرێم بوون، نیمزای ئەو ئەندامانەی ئامادە دەبن بەسەو، ئامادە نەبوونی کارناکاتە سەر نیصابی کۆبوونەوەی دەستەکە.

**ماددەی چوارەم:**
لەکاتێک دا کە هەردوو پاڵێوراو بەیەکەوە لە دەرەوەی هەرێم بوون، بڕیارەکان بەرێککەوتنی ئەو ئەندامانەی کە دەمێننەوە وەردەگیرێن و بەئیمزای سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەردەچن.

**ماددەی پێنجەم:**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیاری ئەمانە دەدا:

١ـ ناونانی ئەو پاڵێوراوانەی کە لەمادده «٢»ی ئەم یاسایە ئەنجام دەدا ئەمەش لەبەر رۆشنانی ئەنجامی هاڵبژاردنی رۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ دەبێ.

٢ـ ناوی ئەو ئەندامانەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی بۆ ئەندامێتی دەستەکە، دەستنیشان دەکات کە لەلایەن هەردوو حزبەوە پاڵێوراون.

٣ـ روو لەئەندامانی دەستە دەنێت تاکو بەپێی ئەم یاسایەو یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢ بۆ ئەوەی هەریەکەیان ئەو کارو ئەرکانە جێبەجێ بکەن کە پێیان سپێردراوە.

**ماددەی شەشەم:**
ئەندامانی دەستە بەر لەدەست بەکار بوونیان و بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێیان سپێردراوە، سوێندیی یاسایی بەپێی مادده «٩»ی یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢ لەبەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەخۆن.

**ماددەی حەوتەم:**
هەموو بڕیار و کارێک کە بەپێی دەسەڵاتەکانی کە لەیاسای ژمارەی «٢»ی ساڵی ١٩٩٢دا هاتبێ تاکو دەرچوونی ئەم یاسایە شەرعین وجێبەجێ دەکرێن.

**ماددەی هەشتەم:**
هەر دەقێکی دیکە لەگەڵ ئەم یاسایە نەگونجێ کاری پێ ناکرێ

**ماددەی نوویەم:**
ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاو بوونەوەی لەرۆژنامەی رەسمی دا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**